# چەمکی دەسەڵات لە بیری ماکس ڤیبەردا

## " توێژینەوەیەکی تیۆرییە "

**ID No. 3802**

(PP 96 - 109)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.2.7

**نادیە عمر کاکەسوور**

بەشی کۆمەڵناسی - کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

nadiakakasur@yahoo.com

**وەگــــــرتن : 11/ 2020/10**

**پەسندکردن : 2021/02/11**

**بڵاوکردنەوە : 2021/03/10**

**پوختە**

ماکس ڤیبەر بەشێکی زۆری تەمەنی بۆ لێکدانەوەی چەمکی دەسەڵات تەرخان کردووە، کە لەم ڕووەوە ئەو شارەزاییەی لە بوارەکانی مێژوو، ئابووری، فەلسەفە، ئایین، ڕەوشت و زۆری تردا هەیەتی، ئەوی لە هەر کۆمەڵناسێکی تری پێش خۆی و هی هاوچەرخیشی جودا کردووەتەوە، بگرە تا ئەمڕۆیش بەسەر هەر توێژەرەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا سەپاندووە، کاتێ خۆی لە قەرەی ئەو چەمکە دەدات، پەنا بۆ لێکدانەوەکانی ئەو ببات. (ڤیبەر) هەر بەوە ناوەستێت بەراوردی نێوان دەسەڵات و هێز بکات، بەڵکو هەوڵ دەدات جەوهەری هەردوو چەمکەکە دەربخات و خەسڵەتەکانیشیان بناسێتەوە. بەم شێوەیە چەمکی دەسەڵات لەژێر دەستی ئەو تێگەیشتنە باوانە ڕزگار دەکات، کە تەنیا وەک پرۆسەسی سەرکوتکردن لێیان ڕوانیوە. چەمکی دەسەڵات لە (ڤیبەر)ـەوە دەچێتە ئاستێکی تر و لە بەردەم هەر لێکدانەوەیەکی نوێدا دەکرێتەوە، تا مانای تری تێدا بدۆزێتەوە و پتر نهێنیی تێدا ئاشکرا بکات. ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی خۆی لەم چەمکە دەکۆڵێتەوە و ڕوانینی ئەو کۆمەڵناسە لە خۆی دەگرێت.

**وشە کلیلییەکان :** دەسەڵات، دەسەڵاتی سیاسی، بیرۆکرەسی.

## پێشەکی

(دەسەڵات چییە؟) هەمیشە پرسیاری مرۆڤ بووە، کە دواتر ئەو پرسیارە بووەتە بنەمای فەلسەفە و خزاوەتە ناو سەرجەم بوارەکانی مەعریفە بە کۆمەڵناسییشەوە، بە ڕادەیەک چەمکی دەسەڵات خاڵی هاوبەشی هەموو ڕێبازە فەلسەفی و زانستە مرۆییەکانە، بە چاوپۆشین لە ئاڕاستەکانیان. ئەو چەمکە کاتێ دەگاتە لای (ماکس ڤیبەر)، مانایەکی تری جیاواز وەردەگرێت، بە ڕادەیەک دابڕانێک لە مێژووی خۆیدا دێنێتە کایەوە. (ڤیبەر)ی کۆمەڵناس بەشی هەرە زۆری تەمەنی بۆ ئەو چەمکە تەرخان دەکات، کە دەکرێت بڵێین هەر وشەیەک ئەو بە درێژایی ژیانی نووسیویەتی، پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە. هەوڵی داوە کاریگەریی دەسەڵات وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگەدا پیشان بدات و ئەو ڕووبەرانە بدۆزێتەوە، کە دەسەڵاتیان لەسەر دەردەکەوێت، کە بەم شێوەیە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووری و ئایینی دەگرێتەوە. ئەو بەو ئەندازەیەی کۆمەڵناسە، مێژووناسێکی چاوکراوەی وردبینیشە، کە خۆی لە قەرەی کۆمەڵێک باسی مێژوویی دەدات، بەتایبەتی لەو باسانەی پێوەندییان بە پرۆتستانتی و شێوازی ژیانی ئەو تایەفەیەوە هەیە، بگرە لەو ڕۆڵە گرنگەی ئەندامانی لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی سەرمایەداریدا بینیویانە، کە هەر لێرەشدا بایەخی ئەو بە ئایین دەردەکەوێت و لە چوارچێوەی تیۆریی کۆمەڵایەتیدا کاریگەرییەکانی دەخوێنێتەوە. دواجاریش هەموویان بە چەمکی دەسەڵاتەوە دەبەستێتەوە، تا لەو بارەیەوە زیاتر ڕوانینەکەی فرەوان و گەورەتر ببێت، بۆیە بەرهەمەکانی بوونەتە سەرچاوەی هەموو ئەو کۆمەڵناسانەی دوای خۆی، کاتێ ویستوویانە زیاتر لە چەمکی دەسەڵات و ئەو چەمکانەی تریش قووڵ ببنەوە، کە بەو چەمکەوە پێوەستی کردوون.

ئێمە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر چەمکی دەسەڵات لە ڕوانگەی ئەو کۆمەڵناسەوە. بۆ ئەو مەبەستە جگە لە سێ سەرچاوەی خۆی، کە ئەمانەن: (چەمکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵناسی)، (زانست و سیاسەت بەو مانایەی پیشەن)

و (ڕەوشتی پرۆتستانتی و گیانی سەرمایەداری)، پەنا بۆ کۆمەڵێک سەرچاوی تریش دەبەین، کە لەمر بارەیەوە نووسەر و کۆمەڵناسانی تر نووسیویانن و هەوڵیان داوە زیاتر ڕەهەندەکانی ئەو چەمکە دەربخەن .

**کێشەی توێژینەوەکە:**

بە شێوەی گشتی (ماکس ڤیبەر) بە زمان و مێتۆدێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ چەمکی دەسەڵاتدا کردووە، کە ئەمە ئەوە بەسەر توێژەرەوەردا دەسەپێنێت بە وریاییەوە دەست بۆ نووسینەکانی ببات و لە بەکارهێنانیدا ئەو مانایانە لە بەرچاو بگرێت، کە ئەو مەبەستیەتی. بۆ نموونە کۆمەڵێک ڕەهەندی دیکەی بە چەمکی (بیرۆکرەسی) داوە، بە ڕادەیەک نەک هەر سنووری وشەکەی فرەوان کردووە، بەڵکو مانایەکی تریشی پێ بەخشیوە، کە ئەمە پێویستی بە قووڵبوونەوەیە لای هەر توێژەرەوەیەک، کاتێ خۆی لە قەرەی دەدات.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

تێگەیشتن لە چەمکی دەسەڵات لای کۆمەڵناسێکی وەک (ڤیبەر) دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ڕوانینمان لە واقیعی ئەمڕۆی جیهان بە گشتی و جیهانی کوردی بە تایبەتی، لە کاتێکدا ئەو چەمکە پێوەستە بە کۆمەڵێک چەمکی دیکەی وەک عەقڵانیەت، ڕەوایەتی و پابەندێتییەوە. تێگەیشتن لەو چەمکانە وامان لێ دەکات چاو بە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆماندا بخشێنینەوە و لەژێر ڕۆشناییدا مانای تریان تێدا بدۆزینەوە.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

دەکرێت ئامانجەکانی ئەمر توێژینەوەیە لەمر خاڵانەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

یەکەمر: ئەو مانا تایبەتە چییە، کە (ڤیبەر) بە چەمکی دەسەڵاتی داوە؟ بە مانایەکی تر، تایبەتمەندێتییەکانی ئەو چەمکە چین؟

دووەمر: لە دیدگەی (ڤیبەر)دا دەسەڵات و هێز لە کوێدا بە یەک دەگەنەوە و لە کوێدا جودا جودا دەبنەوە؟

سێیەمر: ئایا دەسەڵات ڕەوایە و دەکرێت لە توندوتیژی جودای بکەینەوە؟

چوارەمر: ئەگەر چەمکی بیرۆکرەسی لای (ڤیبەر) لە چەمکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتە، چ گۆڕانکارییەکی لە مانا گشتییەکەیدا کردووە و کاریگەرییە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانی چین؟

پێنجەمر: شێوازە نموونەییەکانی دەسەڵاتی بیرۆکرەسی تا چ ئەندازەیەک بایەخیان هەیە؟ ئایا بە ڕوونی لە دنیای واقیعدا دەردەکەون؟

مێتۆدی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی تێگەیشتن لە چەمکی دەسەڵات لای (ماکس ڤیبەر) و گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و بابەتییانە، مێتۆدی شیکاری بە کار هاتووە.

پلانی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، وای پێویست کردووە بەسەر چوار تەوەرەی سەرەکیی دابەش بکەین:

١ -چوارچێوەی گشتیی چەمکی دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات لە دیدی ماکس ڤیبەردا.

٢ -جیاوازیی نێوان دەسەڵات و هێز لە دیدی ماکس ڤیبەردا.

٣ -ماکس ڤیبەر و چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و بیرۆکرەسی.

٤ -ڤیبەر و شێوازە نموونەییەکان

### ١-چوارچێوەی گشتیی چەمکی دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات لە دیدی ماکس ڤیبەردا.

#### ١-١ -چوارچێوەی گشتیی چەمکی دەسەڵات

دەسەڵات بریتییە لە توانای بینراو و نەبینراوی تاک. واتە لایەنی جەستە و هۆش دەگرێتەوە، کە هەردووکیان وا دەکەن مرۆڤ نەک هەر پێوەندیی خۆی بە کەسانی تر و دەوروبەریەوە دابمەزرێنێت، بەڵکو لەگەڵیشیاندا بکەوێتە ململانێوە، بەو مەبەستەی شوێنی خۆی لەناو کۆمەڵدا بکاتەوە و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پایەیەکی بەرزی بۆ دابنرێت، بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە پێویستی بەوانەی ترە کەموکووڕییە بینراو و نەبینراوەکانی پڕ بکەنەوە. ئەو پایەیەی مرۆڤ لەو پێوەندییەدا بە دەستی دەهێنێت، ئاستی گوزەران و شێوازی ژیانی دیاری دەکات، بگرە سنووری ئەرک و مافەکانیشی دەکێشێت، کە (جۆن سکوت) ناوی

لێ دەنێت دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. پێی وایە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی پەیوەندیی نێوان دوو لایەنە، کە یەکێکیان بکەری سەرەکییە و خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە، لە کاتێکدا دووەمیان پابەند و ملکەچە. بەم پێودانگە کەسە سەرەکییەکە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ملکەچدا پیادە دەکات و پابەندەکەیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی کەسە سەرەکییەکەوە.(سکوت، ٢٠٠٩، ل٢٤٣). بەم شێوەیە ململانێ نەک هەر بە بزوێنەری دەسەڵات دادەنرێت، بەڵکو دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی ئەوەی کێ ئەو دەسەڵاتە بگرێتە دەست و کێ ملی بۆ کەچ بکات. کەواتە (ئەگەر دەسەڵات چەندایەتیەکی ئیستراتیجیی دیاریکراو بێت، کە مرۆڤ بە مەبەستی پێشخستنی بەرژەوەندیی خۆی بە دەستی بهێنێت، ئەودەم لە بەرانبەر هەر براوەیەکی دەسەڵاتدا لانی کەم دۆڕاوێک هەیە).(بینیت، ٢٠١٠، ل٣٨٩)

مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەوە هەوڵ دەدات دەست بەسەر توانای ئەوانەی تردا بگرێت و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، کە لێرەدا نەک هەر چەمکی حوکمڕانی و سیاسەت دێنە کایەوە، بەڵکو ئەو ئامڕازانەیش خۆیان دەسەپێنن، کە لەو پەیوەندییەدا بە کار دەهێنرێن. بەم شێوەیە دوو لایەن دەردەکەون، فەرمانکەر و فەرمانپێکراو، کە لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا کۆمەڵێک چەمکی تری وەک ملکەچی، بەرژەوەندی، قازانج، ترس، ڕێز، پیرۆزی، بەرگری، پەلاماردان، ئەرک، ماف و هیی تر دێنە کایەوە. لەم ڕووەوە (ئەنتۆنی گیدینز) دەڵێت (دەسەڵات توانای تاک و گروپەکانە لە دەرخستنی بەرژەوەندییەکانیان، یان خەمەکانیان، تەنانەت لەو دۆخانەیشدا، کە تاک و دەستەکانی تر دژیان دەوەستنەوە. هەندێجار دەسەڵات هێز لە خۆی دەگرێت، کە وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەنوێنێت. لە لایەکی تر، دەسەڵات واتە بەکارهێنانی هێز بە شێوەی ڕەوا لەلایەن حوکوومەتەوە. لەم دۆخەدا ڕەوایەتی مانای ئەوانەی ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەتن، باوەڕ و ڕەزامەندیی خۆیان بۆ دەسەڵاتی حوکوومەت دەردەخەن. لێرەدا دەسەڵات لە هێز جیاوازە).(غدنز، ٢٠٠٥، ل٤٦٧). کەواتە دەسەڵات دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەناو هەموو یەکەیەکی وەک خێزان، قوتابخانە، پەرستگە، حزب، ڕێکخراوە و ئەوانەی تردا خۆی دەنوێنێت و پەیوەندیی نێوان کەسەکان ڕێک دەردەخات، بگرە ڕۆڵ و پێگەی هەر لایەک دیاری دەکات. سیمای دەسەڵات بەپێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە وەک (ماکیڤر) و (پیج) پێی لەسەر دادەگرن ڕایەڵی کۆمەڵایەتی (النسق الاجتماعی) بەپێی هەڵوێست و بەرژەوەندیی تاکەکان دەگۆڕێت و پەرە دەستێنێت. ئەو پرینسیپەیش وا دەکات سازاندنی کۆمەڵگە و تاکایەتی گونجاو بێت. (ماکیڤر و پیج، ٢٠٠٠، ل١٠٤). وەک (ئێدوار سەعید) پێی وایە (ئەوە دەسەڵاتە شێوە بە هەموو شتێک دەدات). (سعید، ٢٠٠٨، ل٤٣). سەردەمەکان بە شێوازی دەسەڵاتەکان دەناسرێنەوە. بۆ نموونە فۆرمی دەسەڵاتی سەردەمی دەرەبەگایەتی هەمان ئەو فۆرمە نییە لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەیە. ئەو دەسەڵاتەی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بە ڕێوە دەچێت، جیاوازە لەو دەسەڵاتەی لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان دادەمەزرێت. (دەسەڵات وەک خودی خۆی نە چاکە و نە خراپیش، کە بمانەوێت و نەمانەوێت بەشێکی هەر پەیوەندییەکی مرۆڤایەتییە).(توفلر، ١٩٩٥، ل١٧). شێوازی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی دەسەڵات ئەو فۆرمە دیاری دەکات. دەسەڵات هەیە ستەمکارە و لەسەر بنەمای چەوسانەوە دامەزراوە، بەڵام هاوکات دەسەڵاتی دیموکراتییش هەیە، هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەریی دەدات. بەگشتی مرۆڤ سێ جۆر دەسەڵاتی سەرەکیی ناسیون، کە (تۆنی بینیت) ئاماژەیان پێ دەکات: دەسەڵاتی ئابووری، دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجی. هەروەها دەسەڵاتی سەربازیی سەرکوتکەریش دەچێتە پاڵیان چ وەک دەسەڵاتێکی زیادکراو، چ وەک لقێکی دەسەڵاتی سیاسی.(بینیت، ٢٠١٠ ل٣٨٩.(

**٢-١ -چەمکی دەسەڵات لە دیدی ماکس ڤیبەرەوە:**

کاتێ ئەوە لە بەر چاو دەگرین، کە (ماکس ڤیبەر) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی بەڕێوەبردن (علم الادارە Management : sscince) نوێ و ئەو کۆمەڵناسیشە، کۆمەڵناسیی سیاسی و فەلسەفەی سیاسیی پێکەوە بەستووەتەوە، بایەخی گەورەی بە سۆسیۆلۆجیای ئایین داوە، لە مێژووی ئابووری و کاریگەریی ئابووریی لە کۆمەڵگەی کۆڵیوەتەوە، ئەودەم لامان سەیر نابێت چەمکی دەسەڵات شوێنێکی گەورەی فیکری ئەوی داگیر کردبێت. لەم ڕووەوە وا پێناسەی دەکات، کە (جۆرێکی پێشڕۆییە، لەپێناوی بەدەستهێنانی ملکەچیی هەندێک کەسی دیاریکراودا کار دەکات).(عبدالرحمن، ٢٠٠٦، ل٣٧٨). واتە بۆ ئەوەی دەسەڵات وەک میکانیزمێک بکەوێتە گەڕ، پێویستە ڕۆ بچێتە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە و لەوێدا لایەنەکان پێک بهێنێت، ئەو لایەنەی بە دەستیەوە دەگرێت و جێبەجێی دەکات، هەروەها ئەو لایەنەی ملکەچیی خۆی پیشان دەدات، تا ئەو دەسەڵاتەی بەسەردا جێبەجێ بکرێت. لێرەدا (ڤیبەر) پەیوەندییەک لەنێوان مرۆڤ و پێگەکەیدا دەبینێت، بەو مانایەی ئەو پێگەیە دەبێتە سەرچاوەی دەسەڵات و فەرمانی لێوە دەردەکرێت. پێی وایە چەمکی (پێگە) بریتییە لەو شوێنەی کەسەکان لە کۆمەڵدا هەیانە و خاوەنی چ پلەیەکن، کە بە (ڕێزی کۆمەڵایەتی) ناوی دەبات. (غدنز، ٢٠٠٥، ل٣٤٦). بەم شێوەیە (ڤیبەر) پێی وایە دەسەڵات سەرەتا لە تاکەوە دەست پێ دەکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتە کاتێ دەچێتە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە، پێویستی بە ڕێکخستن و دامەزراندنی دامودەستگە دەبێت. لەم

ڕووەوە دەنووسێت: {دەستەڵات پێوەندیی بە بوونی هەنووکەیی کەسێکەوە هەیە، کە سەرکەوتووانە فەرمان دەردەکات، نەوەک بە بوونی دەستەیەکی بەڕێوەبەرێتی و ڕێکخستنەوە، بەڵکو پێچەوانەکەی دەبینین (لانی کەم لە سەرجەم دۆخە ئاساییەکاندا)، کە پێوەندیی تەنیا بە بوونی یەکێکیانەوە هەیە. بە ڕێکخستن دەگوترێت ڕێکخستنێکی دەستەڵاتداری، ئەگەر ئەندامەکانی لە ناویدا ملکەچی پێوەندییە دەستەڵاتدارییەکان ببن، بەپێی ئەو سیستەمەی تێیدا جێبەجێ دەکرێت}.(ڤیبر، ٢٠١١، ل٩٢-٩٣). هەر کاتێ سەرچاوەی دەستەڵات هەیە و فەرمان بۆ کەسانێک دەردەکات، کە ئەو کەسانە ئارەزوومەندانە ملکەچیی خۆیان پیشان داوە، ئەوە ڕێکخستنی ئەو فەرمانانە دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی دەستەڵات، بگرە جۆرێک لە دامودەستگەی ڕێکخستنیش دێتە کایەوە. ئەو ڕایەڵەی دەستەڵات و دامودەستگەی کۆمەڵایەتی لە دوو خاڵدا ڕوون دەکاتەوە:

١ -سەرۆکی خانەوادە (رب الأسرە) بێ دەستەی بەڕێوەبەرێتی حوکمڕانی دەکات وەک چۆن سەرۆکخێڵی کۆچەری باج بەسەر کاروانسەرا و کەسەکاندا دەسەپێنێت. واتە بەسەر ئەو کەلوپەلانەی بە قەڵەمڕەوەکەیدا تێدەپەڕن. بەم شێوەیە حوکمڕانیی هەموو ئەو کەسە گۆڕاوە نادیاریکراوانە (الاشخاص المتغیرین، غیر المحدودین) دەکات، کە یەک ڕێکخراو لە خۆیان ناگرێت، بەوەی لە هەڵوێستێکی دیارکراودان، ئەمەیش لە ڕێگەی لایەنگرانیەوە، کە دەتوانن ڕۆڵی دەستەی بەڕێوەبەرێتی ببینن و خەڵک ناچار بکەن مل بۆ ئەو حوکمە بدەن. (لە ڕووی تیۆرییەوە دەشێ دەستەڵاتێکی وا لە دەستی یەک کەس بێت، بێ هیچ دەستەیەکی بەڕێوەبەرێتی.(

٢ _دەکرێت بگوترێت هەر ڕێکخراوێک بە پلەیەک ڕێکخراوێکی دەستەڵاتدارێتییە، بە هۆی بوونی دەستەیەکی بەڕێوەبەرێتی، بەڵام چەمکەکە ڕێژەییە. ئینجا هەر ڕێکخراوی دەستەڵاتدارێتییش خۆی لە خۆیدا ڕێکخراوێکی بەڕێوەبەرێتییە. ئەوەی جۆری تایبەتی ئەو ڕێکخراوە دیاری دەکات، چۆنیەتیی چوونەپاڵی گروپەکان، خەسڵەتیان، ئامڕاز و ڕێگەکانیانن، کە کاروبارەکان بە ڕێوە دەبەن. هەروەها چیەتیی ئەو کاروبارانە، مەودای کاریگەریی جێبەجێکردنی دەستەڵاتە تایبەتەکەیش.(ڤیبر، ٢٠١١، ل٩٢-٩٣.(

### ٢-جیاوازیی نێوان دەستەڵات و هێز لە دیدی ماکس ڤیبەردا

) ڤیبەر) چەمکی (دەستەڵات) و چەمکی (هێز) لێک جودا دەکاتەوە، کە یەکەمیان بریتییە لە پێوەندییەکی ڕەزامەندییانەی نێوان لایەنەکان، بەڵام دووەمیان ملکەچکردنی لایەنێکە بۆ پێوەندییەک، کە لەسەر بنەمای چەوسانەوە دامەزراوە، بگرە خودی پێوەندییەکە داسەپاوە و ڕەزامەندیی ئەو لایەنەی تێدا وەرنەگیراوە، کە بێتە ناویەوە، یان نەیەت. لەم بارەیەوە دەنووسێت: {مەبەست لە هێز سەرجەم ئەو توانایانەیە لە ناو پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووی تایبەت لە دژی ئەو ئارەزووانەی ڕەتی دەکەنەوە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو توانایانە پشتیان بە چی بەستووە. مەبەستیش لە دەستەڵات بوونی دەرفەتی ملکەچیی گروپێک مرۆڤی دیاریکراوە بۆ فەرمانێک، کە ناوەرۆکێکی دیاریکراوی هەیە. دیسپلین (الانچباگ) بوونی دەرفەتی ملکەچییە بە شێوەی خێرا، ئۆتۆماتیکی (تلقائی) و میکانیکی لای گروپێکی دیاریکراوی مرۆڤەوە لەسەر بنەمای پرۆسەسی دیسپلینێکی جێبەجێکراودا (عملیە چبگ ممارسە}.(ڤیبر، ٢٠١١، ل٩٢). بەم پێودانگە دەستەڵات بە چەمکی (ڕەوایەتی) پێوەستە، لە کاتێکدا هێز بە چەمکی (زۆرەملێ)وە دەلکێت. واتە (بریتییە لە دەرفەتی مرۆڤ بۆ سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر کەسانی تردا، هەتا ئەگەر ڕووبەڕووی بەرهەڵستییش ببێتەوە).( فیاچ، ٢٠١٨، ل٤٣). وەک کۆمەڵناسی فرانسایی (هیرڤیە-لیژیە) لەم ڕووەوە دەڵێت (ڤیبەر) جیاوازیی بنەڕەتیی لەنێوان ئەو دووانەدا کردووە. واتە پێی وایە جیاوازی هەیە لەنێوان دەستەڵات وەک هێزێکی زبری ملکەچکەر و دەستەڵات وەک هێزێک، لەلایەن ئەوانەی بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت، ددان بە ڕەوایەتییەکەیدا نراوە. شتی سەرەکی لای (ڤیبەر)، ئەوەیە، کە پێوەندیی بە ڕەوایەتیی دەستەڵاتەوە هەیە. (لیجیە و ویلام، ٢٠٠٥، ل٩٧). واتە جوداکارییەکە ئەوەیە، چ دەستەڵاتێک ڕەوایە و چ دەستەڵاتێک ناڕەوا. لەم ڕووەوە باوەڕی وایە دەستەڵات {جۆرێک لە ڕەوایەتی دەسەپێنێت، کە لێرەدا گروپەکان ئامادەییان هەیە ملکەچی ببن، چونکە ئەندامانی هەر بە ڕاستی باوەڕیان وایە سەرچاوەی کۆنترۆڵ سەرچاوەیەکی ڕەوایە، کە دەکرێت ئەو سەرچاوەیە هەم کەسی (Personnel) بێت و هەم ناکەسی (Impersonnel) وەک سیستەمی یاسایی. جێبەجێکردنی دەستەڵات پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵک و دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتییە.(رشوان، ٢٠١٠، ل٤١). لە کاتێکدا وا لە هێز دەڕوانێت، کە (جێبەجێکردنێکی زۆرەملێیانەی کەسێکە لەسەر ئەوانەی تردا، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندییان. دەشێ ئەو ئامانجە دژی ویستیان، یان بەبێ زانین و تێگەیشتنیان بێت. لەو میکانیزمەیشدا توندوتیژی، دەرکردنی فەرمان و سزا بە کار دەهێنرێن). (الگبیب،٢٠٠٧، ل٧٢-٧٣). بەم شێوەیە هێز لە چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەردەخات و بنەمای جیاکاری پێک دەهێنێت لە دەرفەتی کەسێک بۆ سەپاندنی ویستی بەسەر ئەوانەی تردا. کردەی ئەو هێزە بەپێی

ڕادەی بکەرەکە زیاد و کەم دەکات لەوەی تا چ ئەندازەیەک دەتوانێت ملکەچیی ئەوانەی تر بۆ ئەو ویستەی بە دەست بهێنێت.(فیاچ، ٢٠١٨، ل٤٣).

بەکورتی دەستەڵات پێوەندییەکی ئارەزوومەندانەیە، بەرژەوەندیی هەردوو لای تێدا پارێزراوە، سەرچاوەیەکی ڕەوای هەیە، بەڵام هێز پێوەندییەکی داسەپێنراوە، تێیدا لایەک بەرژەوەندیی هەیە و لاکەی تر نییەتی، بگرە لە خزمەتی لاکەی تردا خراوەتە گەڕ. دەکرێت جیاوازیی نێوانیان وا ببینین، کە چەمکی هێز بیرۆکەی هەق لە فەرمان و ئەرکی ملکەچی لە خۆی ناگرێت، بەڵام دەستەڵات ملکەچیی خۆویستانە بە دەست دەهێنێت لەلایەن ئەوانەی ملی بۆ کەچ دەکەن.(فیاچ، ٢٠١٨، ل٤٣). لەم ڕووەوە (ڤیبەر) ئاماژە بە توندوتیژیی ڕەوا دەکات، کە پێوەندیی بە دەستەڵاتەوە هەیە و زیاتر لە دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتدا بە ڕێوە دەچێت. پێی وایە ئەو توندوتیژییە ڕەوایە سیستەمی دەوڵەت ڕێگەی پێ دەدات. بۆ نموونە مافی پەروەردە بە باوک دەدات، کە پاشماوەی ئەو دەستەڵاتەیە لە کۆندا باو بووە، کە بە شێوەی ڕەوایانە دراوەتە باوک. بەو پێیە مافی ئەوەی هەبووە بڕیار لەسەر ژیان و مردنی منداڵەکەی، یان کۆیلەکەی بدات. خەسڵەتی قۆرخکردنی دەستەڵاتی توندوتیژی لەلایەن دەوڵەتەوە و خەسڵەتی دەستەی عەقڵانیەت و دامەزراوە پێوەستدارەکان گرنگترین خەسڵەتی جەوهەرین، کە ئەمڕۆ دەوڵەتیان پێ دەناسرێتەوە.(فیبر، ٢٠١١، ل٩٥).

**٣ -ماکس ڤیبەر و چەمکی دەستەڵاتی سیاسی و بیرۆکرەسی**

**١-٣ -ماکس ڤیبەر و چەمکی دەستەڵاتی سیاسی**

چەمکی سیاسی لای (ڤیبەر) چوارچێوەیەکی گشتییە و کۆمەڵێک چەمکی تری وەک ئایین، بیرۆکراتیزم، بەڕێوەبردن، سەرکردایەتی، ڕەوایەتی، ملکەچی، یاسا، دابونەریت، شێوازی حوکمڕانی، پارتییەکان و هتد لە خۆی دەگرێت، بەڵام هەمیشە سیمای کۆمەڵایەتییانە بەو چوارچێوەیە دەدات، بەوەی ئەو بە پلەی یەکەم کۆمەڵناسە و مەبەستیشی لەو چوارچێوەیە، دەوڵەتە، کە مافی توندوتیژی لە تاک دەستێنێتەوە و لە دەست خۆیی دەگرێت. واتە تەنیا دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە یاسا دەربکات، تاوانبار بخاتە زیندانەوە، دادگا دابنێت و لە هەر تاکێک بپرسێتەوە، کاتێ لە یاسا لا دەدات. لەم ڕووەوە پێی وایە توندوتیژیی سروشتی (فیزیکی) خەسڵەتی هەر یەکگرتنێکی سیاسییانەیە. جەخت لەسەر گوتەکەی (ترۆتسکی) دەکاتەوە، کە دەڵێت: (هەموو دەوڵەتێک لەسەر توندوتیژی دادەمەزرێت).(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٢). بەڵام هەمیشە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە دەوڵەت پێویستە ڕەوایەتیی هەبێت و ڕەزامەندیی کەس و گروپەکانی بە دەست هێنابێت. لەم ڕووەوە دەڵێت دەوڵەت وەک هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسیی تر جەخت لەسەر  ملکەچیی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەکاتەوە، کە لەسەر بنەمای ڕەوایەتی (الشرعیە) دادەمەزرێت. واتە ئەو توندوتیژییەی بە ڕەوا دادەنرێت. بۆ ئەوەی دەوڵەت پێک بێت، پێویستە ئەو خەڵکەی ملکەچی کۆنترۆڵی دەستەڵاتن، ڕەزامەندییان هەبێت.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٤).

وای دەبینێت ئەمڕۆ تەنیا دەوڵەت مافی بەکارهێنانی توندوتیژیی هەیە. واتە ئەوە دەوڵەتە ڕێگە بە کەسەکان دەدات توندوتیژی سروشتی بە کار بهێنن.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٣). دیارە مەبەستی (ڤیبەر) لەوەیە، کە ئەوانە بە پاڵپشتی یاساکانی دەوڵەت و لەناو دامودەستگەکانی دەوڵەتدا دەتوانن ئەو توندوتیژییە لەپێناوی سەقامگیریی دەوڵەتدا جێبەجێ بکەن. (ڤیبەر) هێزی سەربازییش بە ئامرازێک دادەنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، کە دەستەڵاتی سیاسییە.(ماك كرون، ٢٠٠٧، ل٥٥). واتە لە چوارچێوەی یاسادا دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە توندوتیژیی یاسایی نەک هەر لەناو سنووری خۆیدا بە کار بهێنێت، بەڵکو ئەو توندوتیژییە ئاڕاستەی ئەو سەرچاوانەیش بکات، کاتێ لە دەرەوە هەڕەشەی لێ دەکەن. ئەمەیش دەچێتە خانەی بەڕێوەبەرێتییەوە، کە دەوڵەت لە پارێزگاریکردنی ئەندامەکانی تاکە بەرپرسە. لە لایەکی ترەوە پێی وایە هیچ بنیادێکی کۆمەڵایەتی نییە تێیدا توندوتیژی ئامرازێک نەبێت، بەوەی چەمکی (دەوڵەت) دەڕووخێت و پاشاگەردانی (الفوچی) شوێنی دەگرێتەوە. بەم پێودانگە توندوتیژی ئامرازی سروشتی، یان تاقانەی دەوڵەت نییە، بەڵکو ئامرازێکی جۆرییە. ئەمڕۆ بەتایبەتی پێوەندیی نێوان دەوڵەت و توندوتیژی پێوەندییەکی گەرمە. کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان لە عەشیرەتەوە بیگرە، لە زووەوە توندوتیژیی سروشتییان ناسیوە، بەوەی ئامرازێکی زۆر باو بووە تێیاندا. ئەمڕۆیش دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتییە لەناو خاکێکی دیاریکراو و سەرکەوتووانە بانگەشەی مافی مۆنۆپۆلکردنی توندوتیژیی سروشتی دەکات.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٢-٢٦٣). دەوڵەت وەک هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسیی تر جەخت لەسەر  ملکەچیی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەکاتەوە، کە لەسەر بنەمای ڕەوایەتی (الشرعیە) دادەمەزرێت. واتە ئەو توندوتیژییەی بە ڕەوا دادەنرێت. بۆ ئەوەی دەوڵەت پێک بێت، پێویستە ئەو خەڵکەی ملکەچی کۆنترۆڵی دەستەڵاتن، ڕەزامەندییان هەبێت.( فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٤). دواجار (ڤیبەر) مەبەستی لەو دەوڵەتانەیە، کە توانیویانە خۆیان لە فۆرمی کۆن ڕزگار بکەن و دامودەستگەی کۆمەڵایەتیی نوێ لەسەر بنەمای پرینسیپەکانی ئازادی و خۆشگوزەرانی دابمەزرێن، بۆیە لەم ڕووەوە دەنووسێت: ڕێکخراوەکان لە هەموو کات و شوێنێکدا هەبوون، بەڵام وەک ئەوەی دەوڵەتێک لەسەر بنەمای دامودەستگەی سیاسی پێک بێت، دەستووری نووسراو، یاسای عەقڵانی،

بەڕێوەبەرێتیی عەقڵانی، کارمەندی پسپۆڕی هەبێت، تەنیا لە خۆرئاوادا ناسراوە. واتە پەرلەمانی نوێنەری گەل، حکوومەتی سیاسی، سەرکردەی پارتییەکان، وەزیرانی بەرپرس لە بەرانبەر پەرلەماندا، تایبەتە بە خۆرئاوا.(فیبر، بێ ساڵی چاپ، ل٧.(
ئەو وا لە سیاسەت دەڕوانێت، کە هەوڵدانە لەپێناو بەشداریکردن لە دەستەڵات، یان لەپێناو کارکردی دابەشکردنی دەستەڵاتدا، ئینجا ئەوە لەنێوان دەوڵەتاندا بێت، یان لەنێوان گروپە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەو دەوڵەتەی لە خۆیان دەگرێت.(فیبر،٢٠١١، ل٢٦٣.(
کەواتە کارەکتەری سیاسی بایەخ بە لایەنی سیاسیی کۆمەڵگە دەدات و بەرگریی لێ دەکات. بۆ ئەو مەبەستەیش پەنا بۆ ڕێکخستن دەبات و دەچێتە ناو دامودەستگەی کۆمەڵایەتییەوە، تا دەستەڵاتی خۆی گەورە بکات. (ڤیبەر) لەم ڕووەوە پێی وایە ئەوەی سیاسەت دەکات، بە دوای دەستەڵاتەوەیە، کە دەستەڵات ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی تر، ئایدیالی، یان خۆویستییە (مپالیە أو أنانیە)، یان (دەستەڵات لەپێناو دەستەڵاتدا)، لەپێناو چێژوەرگرن لە هەستی ئەو شکۆیەی پێی دەدرێت.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٤.(
بەم شێوەیە کارەکتەری سیاسی کەسێکە خاوەنی هەندێک پرینسیپە و لەپێناوی گەشەپێدانی دەوڵەتدا تێدەکۆشێت. توانای هەیە بچێتە ناو ململانێوە و بۆ گۆڕانکاری دەستپێشخەری بکات، دەنا پێی وایە (ئەو فەرمانبەرەی لەو توانایە بێبەشە و ڕۆڵی سیاسەتمەدار دەبینێت، ئەنجامی ترسناک بە دوای خۆیدا دەهێنێت).(عدنی، ٢٠١٣، ل١١٠.(
وا لە ڕێکخراوی سیاسییش دەڕوانێت، کە ڕێکخراوێکی دەستەڵاداریتییە بەپێی مەودا و ڕێژەی ئەو کاریگەرییەی سیستەمەکەی بە شێوەی بەردەوام و لە ڕێگەی بەکارهێنانی کردەیی (فیعلی)، یان هەڕەشەکردن لە بەکارهێنانی ناچارکردنی جەستەیی لە ناوچەیەکی جیۆگرافیایی دیاریکراودا هەیەتی.(فیبر، ٢٠١١، ل٩٣.(
)ڤیبەر) پێی وایە هەبوونی هۆیەکانی وەبەرهێنانی ئابووری بنەمای جێبەجێکردنی هێزی سیاسین. (بوتومور، ١٩٨٨، ل٥٩-٦٠). واتە هەموو ئەو ڕەگەزانەی وەک زەوی، کار، سەرمایە، ڕێکخستن و هتد بەشداری بەرچاو لە پێکهێنانی هەر هێزێکی سیاسی دەکەن. دەوڵەت لە ڕووی ماف و ڕەوایەتییەوە ئەرکی ڕێکخستنیان بە دامودەستگاکانی دەسپێرێت.

٣-٢ -ماکس ڤیبەر و بیرۆکرەسی

وشەی بیرۆکرەسی لە بنەڕەتدا بەو ئۆفیس و فەرمانبەرانە گوتراوە، کە لەو ئۆفیسەدا کاریان کردووە و کاروباری گشتییان ڕاپەڕاندووە. ڕاستییەکەیشی ئەو چەمکە لە سەدەی حەڤدەمدا دەرکەوتووە، کە ئاماژە بووە بۆ ئۆفیسە حکوومییەکان. (دیگۆرنێ : (de Gournayی نووسەری فرانسایی لە ساڵی (١٧٤٥)دا بە کاری هێنا، کە لە دوو برگە پێک دێت، (بیرۆ) واتە ئۆفیس و (کراتیا) واتە فەرمان. لەمەوە بیرۆکرەسی بە هەر دەستگەیەکی حکوومیی وەک قوتابخانە، نەخۆشخانە، زانکۆ و هتد گوترا.(حمداوی، ٢٠١٥، ل٣٩). واتە بەر لە (ڤیبەر) چەمکی بیرۆکرەسی بە شێوەی گشتی وەک بیرۆکرەسیی دەوڵەت بە کار دەهات، بەڵام ئەو فرەوانی کرد، بە ڕادەیەک هەر شێوازێک لە شێوازە فرەوانەکانی ڕێکخراو بگرێتەوە. ناو لە پێوەندیی نێوان ئەو دووانە دەنێت (پێوەرە یاساییەکانی عەقڵانیەت). یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی پرۆژەی ئابووریی سەرمایەداری لە ڕوانگەی (ڤیبەر)دا، سروشتە ڕۆتینییەکەیەتی، بەوەی بەرهەمهێنان پشت بە قازانج و تێچوون دەبەستێت لە پێوەندییان بە کەرەستەی خاو و هێزی کار و بەرهەمهێنانی کەلوپەلدا. ئەو وێنەیەی لەسەر ڕۆتین دامەزراوە، دەرناکەوێت لە ڕێگەی لەخۆگرتنی پێوەر و یاسای ناکەسییەوە نەبێت، کە ئەو کاراییانە (اجراءات) دیاری دەکات و پرۆسێسی ئەکاونت (حیساب)ی وردی ئابووری دەکاتە کارێکی کردەیی (امرا ممکنا).(جیدنز ، ٢٠٠٦، ل١٠٥.(
بەم شێوەیە بیرۆکرەسی بریتییە لە دەستەڵاتی بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەت لە ڕێگەی یاساوە، کە خزمەتکردنی گشتی لە خۆی دەگرێت، بەو مانایەی بیرۆکرەسی شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیمای عەقڵانیەت وەردەگرێت. خەسڵەتی هەڵکشانی هەیە، بەوەی بەپێی پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگە و گەورەبوونی قەبارەی ڕێکخستنی دەوڵەت، ئەویش گەورە دەبێت.
)ڤیبەر) پێی وایە کارمەندی پسپۆڕ، کە بەردی بناغەی دەوڵەت و ئابووریی نوێیە لە خۆرئاوادا، پێشتر وەک نموونەیەک ناسراوە، بەڵام بەشێکی ئۆرگانیکی (عجوی)ی گرێدراوی لەناو ڕایەڵی کۆمەڵاتەتیدا پێک نەهێناوە. بیرۆکرەسی، هەر خودی کارمەندی پسپۆڕە. بێگومان دیاردەیەکی کۆنە لە زۆر کۆمەڵگەدا، بەڵام لە هیچ سەردەم و شوێنێکی تری دەرەوەی خۆرئاوادا دەرنەکەوتووە وەک ئەوەی هەموو بوونی کۆمەڵایەتی بێت. ئەرکە گرنگەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا لە دەستی بیرۆکرەسییە بەتواناکانە لە بواری تەکنیکی و بازرگانیدا، بە تایبەتی ئەو کارمەندانەی لە بواری یاساداناندا کاران. (فیبر، بێ ساڵی چاپ، ل٦) دەکرێت بڵێین بیرۆکرەسی ڕایەڵێکی کۆمەڵایەتی (نسق اجتماعی)یە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستە کراوە. لەسەر بنەمای زانین، شارەزایی و یاسای دیاریکراو بە ڕێوە دەچێت، ئینجا ڕێکخراوە بیرۆکرەسییەکە سادە بێت، یان ئاڵۆز. ڕێکخراوە بیرۆکرەسییەکان خەسڵەت و یاسای بنیادیانەی هاوبەشیان هەن، کە تێیاندا سروشتی ئەندامێتییەکە دیاری دەکەن.(الاغا، ٢٠٠٨، ل٧٠). (ڤیبەر) وا لە چالاکیی دەستگەیی (النشاگ المؤسسی) دەڕوانێت، کە لەسەر بنەمای پێوەندییە دەستەڵاتییەکان (العلاقات السلگویە) دادەمەزرێت، کە تیۆریی

بیرۆکرەسی وا پێناسە دەکات، پسپۆڕێتیی کار لە خۆی دەگرێت و زنجیرەیەکی هەڕەمییانەی دەسەڵات، کۆمەڵێک کردار (الاجراءات)، یاسای فەرمی و کارکردی بابەتییانە (تفاعل موچوعی)یە، لەسەر پێوەندییە مرۆڤایەتی و کەسێتییەکان دانامەزرێت. هەڵبژاردنی کارمەندەکان، پێشخستن و بەرزکردنەوە لەسەر بنەمای پرینسیپی شایستەییبوون (مبدأ الاستحقاق)ە.(الاغا، ٢٠٠٨، ل٧٠). حوکوومەتی بیرۆکرەسی وا دەناسێنێت، کە سیستەمێکی ناکەسی (لا شخصی)ی نەزانراوە لەگەڵ جیاکارییەکی بەرچاوی نێوان گەل و کاربەدەستاندا. ڕێژیمی بیرۆکرەسی ڕێژیمێکە فەرمانبەران بە دەوامی تەواو بە ڕێوەی دەبەن و بە هەندێک پرۆسەسی فەرمی دامەزراون (وەک تاقیکردنەوەکان). بە شێوەی تایبەت ڕاهێنراون، تا بکەونە کار، کە بە شێوەی هەرەمیی فەرمی ڕێک خراون، فایلی نووسراو بە کار دەهێنن و لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی دیارکراو (مناگق صلاحیە محددە)دا کار دەکەن. سیستەمی بۆماوەیی تەواو پێچەوانەی ئەوەیە لەگەڵ هەبوونی فەرمانبەران، کە بە دەوامی بەشی (دوام جزئی) کار دەکەن و ڕێکخستنێکی نافەرمییان هەیە و بە فەرمانی زارەکی هەڵدەسووڕێن. جیاکارییەکی کەم لەنێوان گەل و تایبەت (الشعب والخاصە)دا هەیە. سیستەمی بیرۆکرەسی بە (عەقڵانی) دەزانێت، کە دژی (نەریتگەرایی: تقلیدی)یە. یەکێکە لە ئاڕاستە سەرەکییەکانی مێژووی خۆرئاوا.(بیرك، ٢٠٠٧، ل٨١). پێی وایە هەموو ڕێکخراوە زەبەلاحەکان بە بیرۆکرەسی دەناسرێنەوە. بە بڕوای ئەو هەندێک ڕێکخراوی بیرۆکرەسی بۆ شارستانیەتە زووەکان دەگەڕێنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی بیرۆکرەسی لە سەردەمی نوێدا پێ گەیشت و گەشەی کرد، بەوەی تەوەرەی سەرەکیی عەقڵانیەتی کۆمەڵگە پێک دەهێنێت. ئەو عەقڵانیەتە کاریگەریی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا، لەوانە زانست، پەروەردە و حوکم هەیە. خەڵک لە جیاتیی وەک ئەوەی پێی ڕاهاتبوون پەنا بۆ باوەڕ و ترادیشن ببەن لە بڕیارەکانیاندا، ئەوە بۆ عەقڵانیەتیان برد، تاکو ئامانجەکانیان بە ڕوونی ببینن و چاکترین ڕێگە لەپێناو گەیشتنیاندا بگرنە بەر. (غدنز، ٢٠٠٥، ل٤٠٩). بەم شێوەیە (ڤیبەر) ناو لە پەرەپێدانی زانستەکان، پێشخستنی تەکنەلۆجیا و گەشەکردنی بیرۆکرەسی دەنێت عەقڵانیەت. لەم ڕایەڵەدا عەقڵانیەت بریتییە لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سۆنگەی پرینسیپی ئەو توانایەی مەعریفەی تەکنیکی دەکاتە چەقی خۆی. لە کاتێکدا ئایین و نەریتە بۆماوەکان (العادات المتوارپە) ڕۆڵی سەرەکی لەوەدا دەبینن، کە خەڵک هەڵگری چ بەها و ئاڕاستەیەک بن لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا، ئەوە کۆمەڵگەی نوێ بە عەقڵانیەتی چڕ دەناسرێتەوە لە بوارەکانی ژیان، لەوانە چالاکیی سیاسی، ئایینی و ئابووری. شۆڕشی پیشەسازی و گەشەکردنی سەرمایەداری لە دیدی (ڤیبەر)دا ئاماژەن بۆ ئاڕاستەی فرەوانی عەقڵانیەت. ئەوەی سەرمایەداری پێی دەناسرێتەوە، ململانێی چینایەتی نییە وەک ئەوەی (مارکس) پێی وایە، بەڵکو پێشکەوتنی زانست و بیرۆکرەسیە، واتە دامودەستگەی زەبەلاح. وای دەبینێت سروشتی زانستییانەی خۆرئاوا دیارترین سیمایە، کە ئەو کۆمەڵگایانە پێی دەناسرێنەوە. هەروەها باوەڕی وایە بیرۆکرەسی تاکە ڕێگەی ڕێکخستنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکە لەسەر بنەمای تواناسازی، کە لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری و کەلتووریدا بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت. لەم نێوەدا چەمکی (بەتاڵکردنەوەی سیحر)* بە کار دەهێنێت، کە مەبەستی ئەو ڕێگەیەیە بیرکردنەوەی زانستییانە لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا تەوژمی سۆز و ویژدان ڕادەماڵێت، کە لە ڕابردوودا باو بوون. (غدنز،٢٠٠٥، ل٧٢).{*بەتاڵکردنەوەی سیحر لە دنیا، دەستەواژەیەکە ڤیبەر بەو مانایە بە کاری هێناوە، کە قۆناغی لێکدانەوەی دنیا بە ڕێگەی سیحری، یان تیۆلۆگی ببڕێت و پێ بنرێتە قۆناغی ڕاڤەکردنی دنیا بە شێوەی عەقڵانی. بە مانایەکی تر دەستهەڵگرتن لە ڕاڤەکردنی غەیبییانە، کە پیشەی پیاوە ئایینی و دەجالەکانە، بەو مەبەستەی زانست شوێنی بگرێتەوە}. (فیبر، ٢٠١١، ل٣٩٥). بەم شێوەیە دەستەڵاتی عەقڵانی هەر لە بنەڕەتدا پشت بە بیرۆکرەسی دەبەستێت و ئامانجی سەرەکی لەم چێوارچێوەیەدا دامەزراندنی کۆمەڵێک پێوەندییە بە لەبەرچاوگرتنی پرینسیپی عەقڵ و ڕەوایەتی (المعقولیە). ئەو دەستەڵاتە پێبەندی تەمەن، یا زەمەن، یان پلەی پیرۆزیی کەسە دامەزرێنەرەکانی نییە.(الگبیب، ٢٠٠٧، ل٨٣). پێی وایە لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بیرۆکرەسی ناگیرێت، بەوەی دەستەڵاتی بیرۆکرەسی تاکە شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ پێویستییەکانی بەڕێوەبردن و سازاندنی کۆمەڵایەتی. هاوکاتی ئاڵۆزبوونی ئەرکەکان وا پێویست دەکات سیستەمی کۆنترۆڵی بەڕێوەبردن گەشەی پێ بدرێت و چارەسەر بکرێت. لێرەدا بیرۆکرەسی سەر هەڵدەدات، بەوەی وەڵامدەرەوەی عەقڵانییانەی ئەو پێویستییانەیە. هاوکات (ڤیبەر) لە مەترسی ئەو بیرۆکرەسییە دەگات و دەزانێت کەموکووڕیی هەیە. (غدنز، ٢٠٠٥، ل٤٠٩-٤١٠). بەو ئەنجامەی عەقڵانیەتیش زۆر گەشبین نییە، بەڵکو ترسی هەیە سیستەمی کۆمەڵگەی نوێ گیانی مرۆڤایەتی دابڕووخێنێت، بەوەی هەوڵ دەدات سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێک بخات و بە تەکنەلۆجیای بکات. هەروەها ترسی هەیە شوێنەواری خنکێنەرانەی نامرۆڤایەتیی بیرۆکرەسی و شتە پێوەستەکانی ڕۆڵی خراپ لە چارەنووسی دیمۆکراتیدا ببینن. وای دەبینێت ئەجێندای چەرخی ڕێنەیسانس لە سەدەی حەڤدەم، کە باوەشی بۆ پێشکەوتن، سامان و ئاسوودەیی دەکردەوە و دابونەریتە بۆماوە و خوارفەکانی بە لاوە دەنا، سەرجەمی بکەوێتە ژێر هەڕەشەی نوێی مرۆڤ. (غدنز، ٢٠٠٥، ل٧٢). باوەڕی وایە سۆشیالیزم دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات. ئەودەم کارەکە تایبەت دەبێت بە بڵاوکردنەوەی بیرۆکرەسی. واتە تێیدا دەوڵەت زیاتر لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان بیرۆکرەسی پەرە پێ دەدات. ڕەشبینە بەرانبەر سۆشیالیزم و

دیمۆکراتی، بەڵام باوەڕی وایە دیمۆکراتیی لیبرالی لانی کەم هەندێک هیوا لە خۆی دەگرێت. (جیدنز، ٢٠٠٦، ل١٠٨). ترسی (ڤیبەر) لە سۆشیالیزم لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بێتە هۆی لەدەستدانی ئازادیی تاک. سەرنجی داوە پرۆسێسی چڕبوونەوەی هۆیەکانی بەڕێوەبەرایەتی (وسائل الادارە) لە سۆشیالیزمدا دەگاتە ترۆپک، کە ئەمە کاریگەریی ترسناکی لەسەر تاکدا دەبێت.(بوتومور، ١٩٨٨، ل٩٧.(

لەم ڕووەوە (پاپلۆ سیمۆن)ی پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی (پۆمپێو فابرا) دەڵێت (ڤیبەر) پێی وایە تاکە چارەسەر بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەستەڵاتی بیرۆکرەسی بگیرێت، بایەخدانە بە ژیانی پەرلەمانی، بەوەی پەرلەمانی بەهێز نەک هەر بۆ کۆکردنەوەی سەرکردە سیاسییەکان پێویستە، بەڵکو شوێنی گونجاویشە تێیدا ئەو سەرکردانە خۆیان پێ بگەیەنن، تا لە میانەی گفتوگۆ سیاسییەکاندا گەشە بکەن.(ماڵپەری الجمهوریە، سیمون (2016 ) الدیمقراگیە عند ماکس فیبر

**٤-ڤیبەر و شێوازە نموونەییەکان**

لە چوارچێوەی چەمکی بیرۆکرەسیدا (ڤیبەر) پەنا بۆ چەمکی شێوازە نموونەییەکان (الانماگ المپالیە (Ideal types :دەبات، کە بریتین لە دەستەڵاتی نەریتگەرایی (تەقلیدی)، دەستەڵاتی کاریزمایی و دەستەڵاتی یاسایی، کە دواتر بۆیان دەگەڕێینەوە. مەبەستیەتی لەو ڕێگەیەوە ڕووناکایی بخاتە سەر چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و لێیان بکۆڵێتەوە. باوەڕی وایە شێوازە نموونەییەکان نموونەی تێگەیشتن و ڕاڤەکارین، کە دەکرێت بۆ تێگەیشتنی دنیا بە کاریان بهێنین. بە دەگمەن ئەو شێوازە نموونەییانە لە دنیای واقیعدا هەن، بگرە هەرگیز نین. زۆربەی کات لایەنێک، یان سیمایەکیان لە واقیعدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەو نموونە گریمانەییانە دەکرێت زۆر گرنگ بن کاتێ بمانەوێت لە دۆخی ڕاستیی دنیا بگەین، ئەویش بە بەراوردکردن لەگەڵ یەکێ لەو شێوازە نموونەییانەدا. لەم ڕایەڵەدا شێوازە نموونەییەکان دەبنە شێوازی ئایدیالی وەک خاڵێکی سەرچاوەداری چەسپاو (نقگە مرجعیە پابتە). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە شێوازی نموونەیی لای (ڤیبەر) مانای ئەوە نییە ئەو ڕوانینە گەیشتووەتە ئاستی تەواوبوون، یان بە ئامانجی خۆی گەیشتووە، بەڵکو پێی وایە وێنەیەکی بێگەردی دیاردەیەک پیشان دەدەن، کە ڤیبەر ئەو نموونانەی لە ڕاڤەکردنی شێوازەکانی بیرۆکراتیزم و بازاڕدا بە کار هێناون. (غدنز، ٢٠٠٥، ل٧١). شێوازی نموونەیی لای (ڤیبەر) لە یۆتۆپیا دەچێت، کە دەکرێت لە ڕێی ڕاڤەکردنی ڕەگەزێکی دیاریکراوی واقیعەوە پێی بگەین.(بوتومور، ١٩٨٨، ل٦٣).

ئەو دابەشکردنەی دەستەڵات بەسەر سێ شێوازدا ئەگەرچی پێوەندیی بە قۆناغەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بەڵام مانای وا نییە دەستەڵات هەمیشە بە یەک شێواز هەیە، بەڵکو دەشێ دەستەڵات پشت بە زیاتر لە نموونەیەک ببەستێت. (الگبیب،٢٠٠٧، ل٨٤). دواجار پێی وایە مادام ئەو شێوازانە لە واقیعدا بە ڕوونی نابینین، دەکرێت لە چوارچێوەی (تیۆریی گشتیی دەوڵەت)دا لێیان بکۆڵینەوە.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٥). لە لایەکی ترەوە بوونی ئەو شێوازە نموونەییانە بە چەمکی (ملکەچی)یەوە دەبەستێتەوە. بەم شێوەیە پرۆژەی ملکەچی، ئینجا هەر ملکەچییەک بێت، کە بۆ دامەزراندنی تێدەکۆشێت، لە ڕووی یەکەمەوە پێویستی بە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیە بۆ ملکەچیی هەر سەرکردەیەک، کە خاوەنی هێزی ڕەوایەتییە. لە لایەکی تر بە پشتیوانی ئەو ملکەچییە پرۆژەکە دەتوانێت دەست بەسەر بەرهەمە ماددییە پێویستەکاندا بگرێت بۆ جێبەجێکردنی توندوتیژیی سروشتی لە هەموو دۆخێکدا. ئەوەیش مانای وایە ئەو پرۆژەیە پێویستی بە دەستەیەکی باڵای بەڕێوەبەرێتی و بە ئامرازی ماددیی پێویستیشە بۆی.( فیبر ،٢٠١١، ل٢٦٧).

هەروەها چەمکی ملکەچییش بە سەرمایەدارییەوە دەبەستێتەوە، کە پێی وایە هاوشانی یەکترن، یان لانی کەم ملکەچی هاوشانی دڵنەرمکرنی عەقڵانیەتە لەگەڵ ئەو غەریزەیەدا. واتە غەریزەی ملکچەکردن. سەرمایەداری هاوواتای گەڕانە بە دوای قازانجدا، قازانجی بەردەوام، توانای نوێکردنەوەی هەبێت. لە ڕێگەی دامودەستگە جێگیرەکانیەوە بە دوای سووددا دەگەڕێت. ئینجا لە دۆخێکدا ئابووری سەرجەمی ملکەچی ڕایەڵی سەرمایەداری ببێت، هەموو پرۆژە سەرمایەدارییە تاکەکان لە ناو دەچن، کە پاڵنەر (دوافع)ی گەڕان بە دوای قازانج نایانبزووێنێت.( فیبر، بێ ساڵی چاپ، ل٧). کەواتە لە دیدی (ڤیبەر)دا ملکەچی بەشێکی جیانەکراوەی دەستەڵاتە و پاساوی خۆی هەیە. پێی وایە لە ڕووی پرینسیپەوە (ئەو سێ شێوازە نموونەییە) هۆکاری ناوەوەن و وا دەکەن ملکەچی بوونی هەبێت، کە ئەوانە دواجار بنەمای ڕەوایەتیی پێک دەهێنن.( فیبر،٢٠١١، ص٢٦٤.(

)ڤیبەر) شێوازە نموونەییەکانی لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراندووە، کە لە ڕێگەیانەوە سەرکردەکانی سیستەمی سیاسی بانگەشەی ڕەوایەتیی دەستەڵاتیان دەکەن:

یەکەم: نەریتگەرایی. ئەوان پێ لەسەر پیرۆزیی ئەو دابونەریتە دادەگرن، بۆیە پێویستە خەڵک ملکەچی ئەو سەرکردانە بن، کە بەپێی ئەو دابونەریتە فەرمانڕەوایی دەکەن. (ڤیبەر) ئەمە بە باوترین و سەرەتاییترین شێوازی دەستەڵات دەزانێت. (دال، ١٩٩٣،

ل٨٥). یەکەم نموونەی دەستەڵاتە و وا پێناسەی دەکات، کە نەریتییە، بەوەی پشت بە پیرۆزیی سیستەمێک دەبەستێت، کە لەسەر بنەمای ڕەوایەتیی فەرمانڕەوای تەقلیدی دامەزراوە، ئەوەی لە کاتی جێبەجێکردنی دەستەڵاتی سیاسیدا ڕێز لە دابونەریت دەگرێت وەک: دەستەڵاتی باوکایەتی لە کۆمەڵگەی پاتریاریکی و دەستەڵاتی دەرەبەگ لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا. (فیاچ، ٢٠١٨، ل٤٤) بە دەستەڵاتی نەمرانەی دوێنێ (Eternal Yesterday) ناوی دەبات، کە خۆی لە دابونەریتدا دەبینێتەوە، بەوەی ئەو دابونەریتە پیرۆزە. لە کۆنەوە ماوەتەوە و ڕەگی لەناو مرۆڤ داکوتاوە. ئەمە دەستەڵاتێکی تەقلیدییە، کە سەرۆکخێڵ(Patriach) ، میر، دەرەبەگ دەیگرنە بەر. ( فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٤.(

کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیش ئەو دەستەڵاتەیان بە بۆماوە بۆ ماوەتەوە، ئینجا چ لە شێوەی نیعمەتی خودایی بووبێت و چ بەپێی هەندێک پێوەندیی کاری دیاریکراوەوە هاتبێتە کایەوە.(أدورنو،بێ ساڵی چاپ، ل١٠٣). واتە دەستەڵاتی نەریتگەرایی ڕەوایەتیی خۆی لە دابونەریتەکان وەردەگرێت. سەرکردە پێگەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە. لایەنگران ملکەچیی خۆیانی پیشان دەدەن، تا دەستەڵاتیان لەسەر پیادە بکات.(علام، ١٩٩٤، ل١٤٩). ئەوانە بە هۆی پێگەی کۆمەڵایەتییان، وەک تەمەن، خزمایەتی، ڕەگەز و شتی دیکە دەستەڵاتی خۆیان بەسەر کەسانی تردا جێبەجێ دەکەن. بەتەمەنەکان لەسەر منداڵ و لاودا، یان باوک لەسەر ئەندامانی خێزان و سەرۆکخێڵ لەسەر ئەندامانی خێڵدا دەستەڵات دەسەپێنن. ( رشوان، ٢٠١٠، ل٤٤). لێرەدا کۆمەڵێک قاڵبی ڕێکخستن هەن، بە دەستەڵاتی تەقلیدییەوە پێوەستن، بەڵام بە لای کەسایەتیی سەرکردەی تەقلیدیدا دەشکێنەوە، کە بە شێوەی ڕاندەم (بصورە اعتباگیە) داڕێژراونەتەوە.(سکوت، ٢٠٠٩، ل٢٨٢).

خەڵک بەگشتی پشتگیری لە دابونەریت دەکەن، بەوەی ئەو دابونەریتە پێکەوەیان دەبەستێتەوە و ژیانی کۆمەڵایەتییان ڕێک دەخات، بگرە ئەو شێوازەی پێی ڕاهاتوون، لەو ڕێگەیەوە دەیپارێزن. لەبەر ئەوە پاڵپشتیی دەستەڵاتێک دەکەن، کە توانای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەو دابونەریتەی هەیە، چونکە لەم ڕووەوە ئارامی وەردەگرن.

دەگەینە ئەوەی بڵێین دەستەڵاتی تەقلیدی لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە هێزی ترادیشن دادەمەزرێت، کە ئەرکەکان بە شێوەی تەقلیدی دەگوازرێنەوە. واتە بۆماوە ڕۆڵی گەورە دەبینێت.(لیجیە و ویلام، ٢٠٠٥، ل٩٨). (ڤیبەر) پێی وایە دابونەریت لەچاوکردنەوەیەکی پەسەندە لەناو گروپێک کەسدا، بەو مانایەی شتی (باو)ە و دەیپارێزن، دەنا سەرزەنشت دەکرێن. پێچەوانەوەی (یاسا)یە. لە دۆخی لەچاوکردنەوەدا دەستەیەک کەسی ڕێگەپێدراو نییە، خەڵک ناچار بکەن پابەندی ببن.(فیبر، ٢٠١١، ل٦٧). مەبەستی (ڤیبەر) لێرەدا ئەوەیە، کە تاکەکانی گروپێک پێڕۆیی هەموو ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانە دەکەن، کە بۆیان ماوەتەوە و لەسەری ڕاهاتوون، وەک شێوازی سڵاوکردن، پۆشینی جلوبەرگ، خواردن، پەڕینەوە لە شەقام و زۆری تردا بێ ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە هیچ سزایەک بدرێن، ئەگەر لێی لا بدەن. بەڵام سنووری (دابونەریت) و (یاسا) زۆر تێکەڵە. نموونە بەوە دەهێنێتەوە، کە دەکرێت کەسێک لە خانوو (بێگومان خانووی کرێی مەبەستە) دەربکرێت، ئەگەر کردەوەی پێچەوانەی ئەوە بێت، کە لەسەری ڕاهاتوون.( فیبر، ٢٠١١، ل٦٧.(

دووەم: کاریزمایی. کاریزما وشەیەکی یۆنانییە، کە بە مانای نیعمەتی خودایی دێت و بە هۆی کریستیانەکانی زووەوە دەرکەوتووە و بە کار هاتووە. (دال، ١٩٩٣، ل٨٥). بریتییە لە باوەڕهێنان و لایەنگرتنی کەسێک، کە خاوەنی خەسڵەتەکانی پێشڕۆییە، ئینجا چ بە هۆی ئەوەی ئەو کەسە سروش (وەحی)ی بۆ دێت، چ لەبەر ئەوەی توانای ئەوەی هەیە نەبەردی بنوێنێت.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٤). بەهرەی کاریزمایی لە کەسانی وەک میر، پەیامبەرەکان و سەرکردە سەربازییەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە بە خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی پێشڕۆیی و دەستەڵات دادەنرێت.(فیبر، ٢٠١١، ل٣٩٥). پێی وایە کەسایەتیی کاریزمایی خاوەنی خەسڵەتی دەگمەنە و لایەنگرانی وا لێی دەڕوانن ئەو خەسڵەتانە تایبەتن بەو، بگرە هیی سەرووی مرۆڤی ئاسایین، کە هەر ئەوانەیشن کردوویانەتە سەرکردە. ڕاستییەکەیشی ئەو کاریگەرییە بە تەنیا بەو خەسڵەتانەی کەسی کاریزمایی نایەتە کایەوە، بەڵکو هەر لێرەدا ئەو پێوەندییەی بە هەموو ئەوانەی تریەوە دەیبەستێتەوە، کە ئارەزووی گەرمیان هەیە بە مرۆڤی مەزنی بچووێن؛ بایەخی هەیە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو خەسڵەتانەی تێیدان ڕاستین، یان وەهمن.(برو، ١٩٩٨، ل٤٦). لایەنگرانی وەک بووونەوەرێکی پیرۆز لێی دەڕوانن، بەوەی خەسڵەتەکانی کەسایەتیی نموونەیی تێدا دەبینن و بە جەربەزییەکەی سەرسام دەبن.(دال، ١٩٩٣، ل٨٥)

دەکرێت ئەو کاریزمایە لە بەشێک لە بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەربکەوێت. واتە دەشێ پەیامبەر، سەرکردە، پاڵەوانی جەنگ، یان فەیلەسوف بێت.(رشوان، ٢٠١٠، ل٤٢). ئەمە دەستەڵاتی کاریزماییە، کە پەیامبەر لە بواری سیاسی، سەرکردە لە بواری شەڕدا دەیگرنە بەر. هەروەها سیاسەتمەداری گەورە، سەرۆکی پارتیی سیاسی و میرەکانیش دەگرێتەوە. (فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٤) بەم شێوەیە دەستەڵاتی کاریزمایی پشت بە ئیلهامی کەسی فەرمانڕەوا دەبەستێت و خەسڵەتە بێوێنەکانی لە بەر چاو دەگرێت. (ناپلیۆن) و (یۆلیس قەیسەر) بە نموونە. لە کۆندا دەستەڵاتی کاریزمایی بە ئایینەوە پێوەستدار بوو، بەڵام لەم سەردەمەدا سیمای سیاسییانەی

هەیە. (فیاچ، ٢٠١٨، ل٤٤). لایەنگرانی ئەو دەستەڵاتە بەوە دەناسرێنەوە بێهێز و ناجێگیرن، کە بە تێپەڕبوونی کات و لە ڕێگەی ئەو پرۆسێسەی بە (بەردەوامیی کاریزما: وتیره الکاریزما) ناسراوە، دەچنە دۆخی ڕێکخستنەوە و پتر جێگیر دەبن، کە ئەو ڕێکخستنانە بە لای ئەوەدا دەشکێنەوە ببنە دەستەڵاتی نەریتگەرایی، یان ئەوەی (ڤیبەر) بە شێوازی سێیەمی دادەنێت، کە دەستەڵاتی یاسایی ـ عەقڵانیەتە. لێرەدا توانای سەرکردە پشت یاسا و پرۆگرامی ڕێکخراو دەبەستێت. بۆ نموونە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستەڵاتی خۆی لەوە وەردەگرێت، کە لەلایەن زۆرینەی دەنگدەرانی کۆمەڵگەی هەڵبژاردنەوە، هەڵبژێردراوە. توندترین قاڵبی ڕێکخستن پێوەندیی بەم شێوازەوە هەیە، کە بیرۆکراتیزمە.(سکوت، ٢٠٠٩، ل٢٨٢). ملکەچیی بۆ کاریزمای پەیامبەر، یان بۆ سەرکردەی سەربازی، یان سیاسەتمەداری مەزن لە کاتی کۆبوونەوە، یان لە پەرلەماندا، بەو مانایەیە، کە ئەو کەسە لە ناوەوە داوا کراوە ببێتە سەرکردەی مرۆڤ. ملکەچیی ئەوانە بۆی پێوەندیی بە نەریت و یاساوە نییە، بەڵکو باوەڕیان پێی هەیە، بەوەی ئەو کەسە لەپێناو مەسەلەکەیدا دەژی و خواستی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیەتی. واتە لێرەدا ملکەچیی بۆ کەسەکە و بۆ ئەو خەسڵەتانەن لایەنگرانی تێیدا دەبینن.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٦)

لەم نێوەدا سۆز ڕۆڵی گرنگ لە دەستەڵاتی کاریزماییدا دەبینێت، بەوەی جەماوەر سۆزیان بۆ سەرکردەیەک دەبزووێت، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان نیشانەکانی ئەوانی هەڵگرتووە وەک زمان، ڕەنگی پێست، شێوازی پۆشینی جلوبەرگ و هتد. واتە لایەنی نەست بزوێنەری کێشکردنی جەماوەرە بۆ لای سەرکردەی کاریزمایی.

سەرکردەی کاریزمی ئەو هێزەی هەیە باوەڕ بە جەماوەر بهێنێت و کۆیان بکاتەوە. لێرەدا ملکەچیی ئەوانە پێوەندیی بە هۆکاری ویژدانییەوە هەیە. (کابان و دورتیه، ٢٠١٠، ل٤٧). ئەوانە وا لەو سەرکردەیە دەڕوانن کەسێکە ئارەزووەکانی ئەوان بە دی دەهێنێت و لەپێناویاندا ژیانی خۆی تەرخان کردووە. ئەو سەرکردە کاریزمایە دەشتوانێت لە ڕێگەی ئەو خەسڵەت و توانایانەیەوە ڕەزامەندیی لایەنگرانی بە دەست بهێنێت و گوێڕایەڵی ببن، بەوەی توانای هەیە دۆخی ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرەو باشی بگۆڕێت. هەرچۆنێ بێت، دەستەڵاتی کاریزمایی دژی نەریتە بەسەرچووەکان دەوەستێت و لە دژی سیستەمی باودا ڕادەپەڕێت.(رشوان، ٢٠١٠، ل٤٢-٤٣). بە شێوەیەکی گشتی (ڤیبەر) پێی وایە دەستەڵاتی کاریزمایی قورساییی ڕۆتینی ڕۆژانە و ڕێکخستنی باوی ژیان تێک دەشکێنێت. (لیجیه و ویلام، ٢٠٠٥، ل٩٩). دەستەڵاتی کاریزمایی پیرۆزی و مەزنی بەسەر ئەودیوی ژیانی کۆمەڵایەتی (ما وراء الحیاه الیومیه)دا دەڕێژێت، لە کاتێکدا دەستەڵاتی تەقلیدی پێ لەسەر پێچەوانەی ئەوە دادەگرێت. واتە سیمای پیرۆزی بەسەر (شتی ڕۆژانە) دەدات. بە مانایەکی تر، گۆڕانکاری لەو ڕێگەیەوە دەبێت، کە دەستەڵاتی کاریزمایی دەستی تێ بخات. تەنیا بە هۆی کەسایەتیی کاریزماییەوە یاسای نوێ خۆی دەخزێنێتە ناو شتە باوەکانەوە و دابونەریت پەسەندی دەکات. واتە لە ڕێگەی کەسانێک سروش (وەحی)یان بۆ دێت، مژدەبەخشی ئایندەن، یان بە بڕیاری ئەو سوارچاکانەی لە جەنگەکاندا پاڵەوانن و پلەی بەرزیان هەیە. دیدگا و شمشێر جووتە هێزی نوێکردنەوەن. ( لیجیه و ویلام، ٢٠٠٥، ل٩٩)

دەکرێت بگوترێت هەموو کاریزمایەک لەناو نەریتگەراییدا سەر هەڵدەدات، بەو مانایەی کاریزما هێزێکی گەورەی بانسروشت لە خۆیدا پیشان دەدات و وای دەردەخات توانای ئەوەی هەیە ئەو نەریتە بباتە ئاستێکی باڵاتر. بۆ نموونە دەکرێت سەرکردەی نەتەوەیەکی ژێردەستە بە مەبەستی پاراستنی نەریتەکانی ئەو نەتەوەیە ڕاپەڕێت و لە ڕێگەی هەندێک سۆمبۆلەوە سۆزی هەموو ئەوانە ڕابکێشێت، کە ئەو نەریتانە بە پیرۆز دەزانن و ژیانی خۆیان لە مانەوەیاندا دەبینن. کەواتە کاریزما ڕەوایەتیی خۆی لەوە وەردەگرێت، تا چ ئەندازەیەک بۆ پاراستنی ئەو نەریتانە جدییە، تا لەو ڕێگەیەوە مێژوویەک بۆ خۆی دروست بکات. بەم شێوەیە کاریزما سەرەتایەکی هەیە، بەڵام دەشێ بە نەمانی کەسی کاریزما کۆتایی بەو ڕۆڵەیش بێت، لە کاتێکدا نەریتەکان تا ڕادەیەک چەسپاون، کە دەکرێت کەسانی تری کاریزمایی بهێننە بوونەوە. دیارە ڕۆڵی کاریزمایش بەندە بەوەی لەناو چ کۆمەڵگەیەکدا دەرکەوتووە. هەندێک لەو کۆمەڵگایانە ویستی گۆڕانکارییان کەمە، یان نییانە، بۆیە کەسی کاریزمایی کاتێ سەرکەوتووە، کە ئەو نەریتانە دەپارێزێت، لە کاتێکدا لەو کۆمەڵگایانەی ئارەزووی گۆڕانیان زۆرە، ڕۆڵی کەسی کاریزمایی هێنانی ڕەگەزی نوێیە بۆ ناو ئەو نەریتانە. (ڤیبەر) پێی وایە لە کۆندا دوو وێنەی سەرکردایەتیمان دەبینی، وێنەی سیحرباز و هیی پەیامبەر لە لایەک، وێنەی سەرکردەی سەرباز، سەرکردەی بەکرێگیراو لە لایەکی ترەوە، بەڵام هێندەی پێوەندیی بە خۆرئاواوە هەیە، سەرکردایەتیی سیاسییە، کە لە وێنەی (سیاسەتمەداری دیماگۆگی)ی ئازاد*، کە تەنیا لە خۆرئاوا لەناو (دەوڵەتی شارداری: الدول المدن)ی سەربەخۆ لە وڵاتانێک بە شارستانەتی ناوەڕاست ناسراون، دەرکەوتووە. ئەو شێوازەی خۆی لە (سەکردەی پارتی)ی پەرلەمانی دەنوێنێت، جگە لە خۆرئاوا لە هیچ شوێنێکی تردا بەر چاو ناکەوێت.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٧). {* ڤیبەر دەستەواژەی دیماگۆگی بۆ سیاسەتمەداری مەراییکەر بە کار دەبهێنێت، کە خەریکی زۆربلێییە و پەنا بۆ شێوازی گۆتیاری (خگابی دەبات. }.(فیبر ، ٢٠١١، ل٣٩٣)

بە بڕوای (ڤیبەر) ڕێی تێ دەچێت بزووتنەوە کاریزماییەکان گێرەشێوێن (فوچویە) بن، یان دژی سیستەمی حوکوومەت ڕاپەڕن. سەرکردەی کاریزمایی و لایەنگرانی گاڵەتەیان لە هەر شتێک دێت، کە بە ڕۆتینەوە پێوەستە. لێرەدا پرۆگرامێکی ناوەخۆ و بنەمای پتەو نین ڕێ لەو فەرمانانە بگرن، کە لە سەرکردەوە دەرچوون، بەڵکو پێویستە هەموو هەوڵەکان لەپێناوی پەیامێکی پیرۆزدا بخرێنە کار، کە نابێت گوێ بە بەو شتانە بدرێت، کە پیرۆزیی ئەو پەیامە لەکەدار دەکەن.

)ڕشوان، ٢٠١٠، ل٤٣) . (ئەدۆرنۆ) پێی وایە هەر بەپێی تێگەیشتنی (ڤیبەر) سەرۆکایەتیی فاشیزم و ڕێژیمی (ستالین)یش بە نموونەی دەسەڵاتی کاریزمایی دابنرێن.( أدورنو، بێ ساڵی چاپ، ل١٠٣)

زۆرجار ئەو کاریزمایە لە کەسانی دیکتاتۆردا دەردەکەوێت، کە بە پاڵپشتی سۆزی جەماوەر و دوور لە عەقڵانیەت حوکم دەکات.

سێیەم: دەسەڵاتی یاسایی. لێرەدا ڕەوایەتی پشت بەوە دەبەستێت، کە دەسەڵات بەپێی یاساکان ڕێک خراوە و کار دەکات. (دال، ١٩٩٣، ل٨٥). بەم شێوەیە دەسەڵاتی یاسایی، کە بە هێزی (ڕەوایەتی)، واتە بە هێزی باوەڕبوون بە کارکردی دەستوورێکی ڕەوا، یان بە بوونی توانایەکی کارا لەسەر بنەمای یاسای عەقڵانی دامەزرابێت؛ دێتە کایەوە. لەو دەسەڵاتەدا ئەرکەکان بەپێی یاسای کارپێکراو جێبەجێ دەکرێن. واتە ئەوانە کەسانێکن لە خزمەتی دەوڵەتی نوێدان. لێرەدا مرۆڤ ملکەچی پابەندی ترس و هیوایە. ترس لەوەی هێزێکی سیحری، یان ترس لەوەی کەسانی دەسەڵاتدار سزایان بدەن، بەڵام بەو ئومێدەیش چ لەم دنیایە و چ لەو دنیایشدا پاداشت بدرێنەوە.(فیبر، ٢٠١١، ل٢٦٥). ئەو کاتێ پێ لەسەر بنەمای یاسای عەقڵانی دادەگرێت، ئەوە بە شێوەی گشتی عەقڵانیەتی ئابووری بە کۆڵەگەی ئابووریی نوێ دادەنێت، بەوەی ئەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی کار و هەر ئەویشە کار لە ملکەچیی سنووربەندییە ئۆرگانیکە سروشتییەکانی مرۆڤ (للتحدیدات العجویە الگبیعیە عند الانسان) ڕزگار دەکات، بەوەی پرۆسەسی بەرهەمهێنان دەخاتە ژێر ڕکێفی فاکتەکانی زانستەوە. (فیبر، بێ ساڵی چاپ، ل٤٠). گەشەکردنی ئابووری دەبێتە هۆی دامەزراندنی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، کە لێرەدا یاسای عەقڵانی وەک پێویستییەک بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی دەسەپێنێت، کە بەعەقڵەنەکردن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سەرمایەی تاک، ئەو سەرمایەیە بە چاوکراوەیی و ژیرییەوە ڕووی لە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە. واتە سەرکەوتنی ئابوورییەکی پێچەوانەی ژیانی ئاسانی لادێییانە و ڕۆتینی پیشەگەریی پیشەگەرە کۆنەکان. دەگاتە ئەوەی عەقڵانیەت وا بێنێتە بەر چاو، کە گیانی یاسایە.(فیبر، بێ ساڵی چاپ، ل٤١). بەم شێوەیە وا لە عەقڵانیەت دەڕوانێت، کە ڕەوت و ڕێبازە، ڕێگەیەکی بیرکردنەوەی خۆرئاواییە، بەوەی خۆرئاوا لە باوەشی گرتووە و ڕەواجی پێ داوە.(فیبر، ٢٠١١، ل٣٩٤). لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵاتی یاسایی پشتی بە عەقڵانیەت بەستووە، بەوەی خۆی ئەنجامی ئەو عەقڵانیەتەیە و کردارێکی عەقڵانیی ئامانجدارە. لەبەر ئەوە لەو وڵاتانەدا دەردەکەوێت، کە مێژوویەکی درێژیان لە گەشەسەندنی ئابووریدا بڕیوە، بایەخیان بە عەقڵ و زانست داوە، تارماییی سیحریان لەسەر دامودەستگەکانیاندا لا بردووە و سیستەمی دیمۆکراتییان دامەزراندووە. بە مانایەکی تر، دەسەڵات لە مرۆڤ سەنراوەتەوە و بە دامودەستگە دراوە. تاکەکان ملکەچی یاسان، نەوەک ملکەچی کەسانی دیاریکراو. دەسەڵاتی کەسەکانیش بەپێی یاسا دیاری کراوە و ڕێک خراوە، بۆیە دەسەڵاتێکی سنووردار و ڕوونە. وەک پێشتر گوترا تەنیا دەوڵەت دەتوانێت توندوتیژیی سروشتی، یان توندوتیژی ڕەوا جێبەجێ بکات، کە یاسا ڕێی پێ داوە. لەم ڕووەوە (پاپلۆ سیمۆن) پێی وایە (ڤیبەر وا لە عەقڵانیەت دەڕوانێت، کە ڕەوتێکی لۆجیکیی تەکنیکییە و ڕووبەرێکی فرەوان لە بۆشاییی ژیان دەگرێتەوە. پسپۆڕێتی، زانست و تەکنەلۆجیا پێویستە زیاتر ڕۆڵی بنەڕەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا ببینن، کە ئەمە دەبێتە هۆی داماڵینی سیحر).( ماڵپەری الجمهوریە ، سیمون (2016 ) الدیمقراگیە عند ماکس فیبر (پێدانی ڕەوایەتیی عەقڵانی _ یاسایی بە دەسەڵات هاوواتای دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییە (السلگە الادارین)، دەسەڵاتێکی ناکەسێتی (غیر شخصیە) لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە یاسا و ئەرکە ڕێگەپێدراوەکان دادەمەزرێت. (لیجیە و ویلام، ٢٠٠٥، ل٩٨). (ڤیبەر) پێی وایە ئەم شێوەیە لەوانەی دیکە پێگەیشتووتر و عەقڵانیترە، بەوەی دەتوانێت ئارامی فەراهام بکات.(ڕشوان، ٢٠١٠، ل٤٤). بەکورتی ئەو دەسەڵاتە لەسەر بنەمای لیبرالیزم، هەڵبژاردن، شایستەیی، ڕەوایەتی، بیرۆکراسی، ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و ئەرکەکان دادەمەزرێت.(حمداوی، ٢٠١٥، ل٣٦)

دەگەینە ئەوەی بڵێین دەسەڵاتی یاسایی، کە عەقڵانیەت داینەمۆیەتی، لەو ڕێکخراوە مۆدێرنانەدا دەردەکەوێت، کە سنووری دابونەریتیان بەزاندووە و گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لە هەر بڕیار و جموجۆڵێکیاندا ڕەچاوی یاسا دەکەن، بەو مانایەی خەمی سەرەکییان جێبەجێکردنی دەسەڵاتی یاسایە، نەوەک دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆیان.

**ئەنجامی توێژینەوەکە**

**دەکرێت ئەنجامی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:**

یەکەم: (ڤیبەر) دەسەڵات پێوەست دەکات بە دامودەستگەکان، کە بە بنەمای بەڕێوەبردنی بواری پیشەسازی و بازرگانیی دادەنێت. بە مانایەکی تر، دەسەڵات لە دەستی سەرۆک، پاشا و میرەکان دەردەهێنێت و دەیخاتە ناو ئەو دامودەستگایانەی کەسانی گشتی بە

ڕێوەی دەبەن. واتە ئەوانە پشت بە یاسا دەبەستن. فەرمانەکانیان هەم گشتین و هەم لە چوارچێوەی یاسایشدان. لەم ڕووەوە (ڤیبەر) بەوە دەناسرێتەوە، کە سیمای کەسێتی لە دەسەڵات دادەماڵێت و سیمای عەقڵانیی پێ دەدات، کە ئەو عەقڵانیەتە تەنیا لە دامودەستگەکاندا دەبینێت. واتە ئەوەیە خۆرئاوای پێ دەناسرێتەوە، کە هەر لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی سیاسیی لە شێوە سەرەتاییەکەیەوە گەیاندووەتە شێوازیکی تر، کە پەرلەمانییە و شوێنی بەشداریی هەموو پارتی و ڕێکخراوەکانە. بەکورتی (ڤیبەر) ئەو ڕوانینە نەگەتیڤ و ڕەشبینە باوە بۆ دەسەڵات دەگۆڕێت بە ڕوانینێکی تری گونجاو، بۆیە دەسەڵات وەک پێویستییەکی کۆمەڵگە دەبینێت.

دووەم: (ڤیبەر) چەمکی (دەسەڵات) لە چەمکی (هێز) جودا دەکاتەوە، بەوەی دەسەڵات تەنیا کاتێ دادەمەزرێت، کە ڕەزامەندیی لایەنەکان وەرگیراوە، لە کاتێکدا هێز بریتییە لە ناچارکردنی لایەنێک بۆ دەستهەڵگرتن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی، تا خزمەتی بەرژەوەندیی ئەو لایەنە بکات، کە خاوەنی هێزی کۆمەڵایەتی و سۆمبۆلییە و دەتوانێت شێوازەکانی هەڕەشە بە کار بهێنێت، بگرە دەتوانێت سزای بدات.

سێیەم: بەوەدا (ڤیبەر) دەسەڵات لە هێز جودا دەکاتەوە و بە ڕەوای دەزانێت، ئەوە پێی وایە توندوتیژیی سروشتی بەشێکی دانەبڕاوی ئەو دەسەڵاتەیە، مادام لە چوارچێوەی یاسادایە و خاوەنی خەسڵەتی عەقڵانییە. بە مانایەکی تر، ئەو توندوتیژییەی دەوڵەت هەمان ئەو توندوتیژییە نییە، کە لە چوارچێوەی پێوەندیی نێوان کەسەکاندا بە ڕێوە دەچێت، بەوەی لە یەکەمیاندا لایەنەکان ئارەزوومەندانە چوونەتە ناو ئەو پێوەندییەوە، لە کاتێکدا لە دووەمیاندا خودی پێوەندییەکە سەپێنراوە و کەسەکان بە ناچاری تێیدا ماونەتەوە.

چوارەم: (ڤیبەر) نەک هەر مانای چەمکی بیرۆکرەسی دەگۆڕێت و بە شێوەیەکی تر بە کاری دەهێنێت، بەڵکو دەیکاتە کلیلێک بۆ چوونەناوەوەی هەموو ئەو دامودەستگە حوکوومی و ناحوکوومییانە، بەو مەبەستەی وردەکارییەکانیان ببینێت و لێیان بکۆڵێتەوە. بیرۆکرەسی بە بنەمای مۆدێرنێزم و عەقڵانیەت دەزانێت، کە ڕۆڵی گرنگی لە بواری ڕێکخستنی دامودەستگە زەبەلاحەکاندا هەبووە، بەوەی لەسەر بنەمای پسپۆڕێتی و دابەشکردنی کار دادەمەزرێت. بیرۆکرەسی لە ڕێگەی ئەو ڕێکخستنە عەقڵانییەوە کاری دامودەستگەکان لە شێوە سەرەتاییەکەیەوە بۆ شێوازێکی تر دەگۆڕێت، کە فرەوان بێت، وردبینی و لێهاتوویی لە خۆی بگرێت. ئەویش بە هۆی پێشکەشکردنی پرۆگرامی زانستی و دەرکردنی کۆمەڵێک فەرمانی توند، کە ئەمانە لە لایەک دەبنە هۆی خێرایی و بەردەوامی، لە لایەکی تر وا دەکەن ملکەچیی تەواو بۆ بەڕێوەبەرەکان بێتە دی. لەبەر ئەوەیە پێی وایە بیرۆکرەسی بەرهەمی کۆمەڵگە پیشەسازییە گەورەکانە، کە خاوەنی داهاتی زۆر و ژمارەی خەڵکی زۆریشن، نەوەک هیی ئەو کۆمەڵگایانەی هێشتا پێیان نەناوەتە ناو دنیای مۆدێرنیزمەوە. بە دیوەکەی تریشدا مەترسیی ئەو بیرۆکرەسییەی لەسەر کۆمەڵگە، بگرە بە گشتی لەسەر چارەنووسی مرۆڤی بینیوە، بەوەی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سیستەمی چاودێریی لەڕادەبەدەر، فشارکردن، سەپاندنی دەسەڵات و داسەپاندنی ڕۆتین.

پێنجەم: شێوازە نموونەییەکان هەم لە ئاستی کۆمەڵایەتی و هەم لە ئاستی مێژووییدا گرنگن، بەوەی لایەکی تری چەمکی دەسەڵاتمان بۆ ئاشکرا دەکەن، مادام پێوەندییان بە ڕەوایەتی، توندوتیژیی ڕەوا، ملکەچی، کۆنترۆڵ و شتی دیکەی لەم بابەتەوە هەیە. هەر یەکێ لەو نموونانە قۆناغێکی پەرەسەندنی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی پیشان دەدات، بگرە لە ڕێگەیانەوە جووڵەی مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە دەخوێنرێتەوە، کە هەر یەکێ لەو شێوازانە پشت بە یاسا و لۆژیکی خۆی دەبەستێت. ئەگەرچی (ڤیبەر) پێی وایە بە دەگمەن ئەو شێوازە نموونەییانە لە دنیای واقیعدا دەردەکەون، کە ڕەنگە هەر بە گشتی دەرنەکەون، بەڵام لایەنێکیان دەبینرێت و ئەوە لە بواری بەراوردکاریدا یارمەتیدەرە، بەوەی هەر شێوازێک هەم لەگەڵ واقیعی خۆی و هەم لەگەڵ شێوازەکانی تردا بەراورد دەکرێت، تا لەم ڕووەوە زیاتر وردەکارییەکانی بکەونە ڕوو.

**پێشنیاز**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا ئەو ڕاستییە دەکەوێتە ڕوو، کە تیۆریی دەسەڵات لای (ماکس ڤیبەر)ی کۆمەڵناس، تیۆرییەکی تەواو و فرەوانە، بۆیە لە ڕێگەیەوە دەکرێت دەسەڵات و میکانیزمەکانی دەسەڵات، سەرچاوەکانی دەسەڵات و شێوازەکانی، کارکرد و ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی دەسەڵات لەسەر کۆمەڵگە بخوێنینەوە. بوار هەیە لەم دیدگەیەوە بڕوانینە واقیعی هەرێمی کوردستان و لێی بکۆڵینەوە، بەتایبەتی لەم سێ دەیەی ڕابردوودا، کە دەسەڵات بووەتە فاکتێک و بە ڕوونی چووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانەوە

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەی عەرەبی**


1. أدورنو، ت ، (بلا سنة الطبع) محاضرات في علم الاجتماع، ترجمة جورج كتورة، مركز الانماء القومي، بيروت.
2. الاغا، ف ، (٢٠٠٨) علم الاجتماع العسكري، دار اسامة للنشر والتوزيع. عمان_ الأردن.
3. الطبيب، م ، ( ٢٠٠٧) علم الإجتماع السياسي، منشوارات جامعة السابع من ابريل، بنغازي، ليبيا.
4. برو، ف ، (١٩٩٨ ) علم الأجتماع السياسي، ترجمة د. محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
5. بيرك، ب ، (٢٠٠٧ ) علم الاجتماع والتاريخ، ترجمة داوود صالح رحمة، منشورات دار علاء الدين، سورية، دمشق.
6. بينيت، ط ، (٢٠١٠) مفاتيح اصطلاحية جديدة: معجم مصطلحات الثقافة والمجتمع، تحرير طونى بينيت، لورانس غروسبيرغ وميغان موريس، ترجمة سعيد الغانمي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
7. بوتومور، (١٩٨٨ ) الصفوة والمجتمع، دراسة في علم الاجتماع السياسي، ترجمة وتقديم الدكتور محمد الجوهرى واخرون، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية.
8. توفلر،آ، (١٩٩٥ ) تحول السلطة، المعرفة والثروة والعنف على اعتاب القرن الحادي والعشرين، ترجمة لبنى الريدي، الجزء الأول، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
9. جيدنز، أ، (٢٠٠٦) مقدمة نقدية في علم الاجتماع، ترجمة احمد زايد واخرون، الطبعة الثانية، مركز البحوث والدراسات الاجتماعية، كلية الاداب_ جامعة القاهرة.
10. حمداوي،ج، (٢٠١٥ ) جهود ماكس فيبر في مجال السوسيولوجيا، المغرب.
11. رشوان، ح، (٢٠١٠) القيادة، دراسة في علم الإجتماع النفسي والإرادي والتنظيمى، مؤسسة شباب الجامعة، اسكندرية، مصر.
12. دال، ر، (١٩٩٣) التحليل السياسي الحديث، ترجمة: د. علا أبوزيد، مراجعة: ا. د. علي الدين هلال، الطبعة الخامسة، مركز الاهرام للترجمة والنشر، القاهرة.
13. سكوت،ج ، (٢٠٠٩ ) علم الاجتماع: المفاهيم الاساسيه، ترجمة محمد عثمان، الشبكه العربيه للأبحاث والنشر، بيروت.
14. سعيد،آ، (٢٠٠٨ ) السلطة والسياسة والثقافة، تقديم: غاوري فسواناثان، ترجمة: د. نائلة قلقيلي حجازي، دار الاداب، بيروت.
15. عبد الرحمن.ع.م، (٢٠٠٦) النظرية في علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، مصر.
16. عدنني، إ، ( ٢٠١٣ ) سوسيولوجيا الدين والسياسة عند ماكس فيبر، منتدى المعارف، بيروت.
17. علام ،إ ، (١٩٩٤) دراسات في علم الاجتماع التنظيمي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
18. غدنز،آ، (٢٠٠٥ ) بمساعدة كارين بيردسال، علم الاجتماع، ترجمة وتقديم: الدكتور فايز الصياغ، الطبعة الرابعة، احذاد المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
19. فيبر، م، (٢٠١١) مفاهيم أساسية في علم الاجتماع، ترجمة صلاح هلال، مراجعة وتقديم: محمد الجوهري، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
20. فياض ،ح ، (٢٠١٨ ) نظرية الفعل الاجتماعي عند ماكس فيبر، دراسة في علم الاجتماع التأويلي، مكتبة نحو علم اجتماع تنويري، دمشق.
21. فيبر، م، (٢٠١١) العلم والسياسة بوصفهما حرفة، ترجمة جورج كتورة، مراجعة وتقديم: رضوان السيد، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
22. فيبر، م، (بلا سنة الطبع) الأخلاق البروتستانتية وروح الرأسمالية، ترجمة: محمد علي مقلد، مراجعة: جورج أبي صالح، مركز الانماء القومي، بيروت.
23. فيبر، م ،( ٢٠١٥) في مجال السوسيولوجيا، المغرب.
24. كابان، ف _ دورتيه، ف ، (٢٠١٠) علم الاجتماع من النظريات الكبرى الى الشؤون اليومية أعلام وتواريخ وتيارات، ترجمة الدكتور إياس حسن، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.
25. ليجيه، د، چان بول ويلام(٢٠٠٥)، سوسيولوچيا الدين، ترجمة درويش الحلوجي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.
26. ماكيفر ر. م- پيج، ش (٢٠٠٠) المجتمع، ترجمة: علي احمد عيسى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
27. ماك كرون. د ، (٢٠٠٧ ) علم اجتماع القومية، ترجمة: سامي خشبة، المركز القومي للترجمة، القاهرة.


**دووەم: سەرچاوە ی ئەلیکترۆنی:**


سيمون. ب،(٢٠١٦) الديمقراطية عند ماكس فيبر، ترجمة: ياسين السويحة، رۆژی سەردان 03.02.2016 (https://www.facebook.com/aljumhuriya.net/posts/931781643556844/

**ملخص**

لقد كرس ماكس فيبر معظم حياته لتحليل مفهوم السلطة، وكونه ملما بمادة التاريخ، الاقتصاد، الفلسفة، الدين والاخلاق وهذا ما ميزه عن أي عالم اجتماع اخر سواء كان من سبقه او من عاصره، بحيث فرض على أي باحث اجتماع الى يومنا هذا ان يستند الى بحوثه عندما يتطرق الى مفهوم السلطة و مشتقاتها. لن يتوقف فيبر بمقارنة مفهوم السلطة بمفهوم القوة فحسب، بل يحاول ايضا ان يكشف جوهر كل منهما و يميز خصائصهما. لقد حرر فيبر على هذا النحو مفهوم السلطة من سطوة التحليلات التقليدية التي تساوى السلطة مع القمع. مع فيبر اخذ هذا المفهوم مسارا جديدا ووصل الى مرتبة اعلى من قبله، بحيث ان يكون منفتحا امام أي تحليل جديد ويكشف فيها اسرارا اخرى ومعاني جديدة. ويلقي هذا البحث الضوء على هذا المفهوم في منظور ماكس فيبر واراء الخاصة به.

**الكلمات الداله :** السلطه،السلطه السياسيه، البيروقراطيه

**The concept of power in Max Weber's thought Theatrical Research**

**Nadia Omar Kakaswr**
Collage of Arts / Salahaddin University-Erbil
nadiakakasur@yahoo.com

**Abstract**

Max Weber lost a great portion of his life in analyzing the concept of power. He is best known of his specialized in history, economy, philosophy, religion, morality and many others. What recognize him from ancient and his Contemporary Sociologists even until nowadays, this -made him dominate any sociological research when it approaches the concept of power, then they require a help from his analysis. Weber was not limited by comparing between power and force, but he attempts to identify the core of both concepts and highlight their specifications. So that he could to survive power term from known understandings, which look at this term as the process of depression. The concept of power is promoted by Weber to different level and to be prepared in front of any modern research in order to find out another meaning and uncover more hiding matters. This research approaches this term by its own manner, and includes the view of the Sociologist.

**Key word:** Authority, political power, Bureaucracy.